# ئەو کاتەی دەروازەی ئومێد دادەخرێت

بەشدار عەلی

خۆکوشتن‌وکۆتایی هێنان بە ژیانی خودی ئینسانەکان خۆیان, بەشێوازی جۆراوجۆر لە سوتان‌و گوللە بەخۆوەنان‌و خنکاندن‌و دەرمانخواردن... هتد. بۆتە دیاردەیەکی زۆر قێزەوەن‌و ناشیرینی کۆمەڵگای کوردستان‌و رۆژانە هەست‌و نەستمان ئازار دەدات. ئامارەکان راچلەکێنەرن هەربۆ نموونە بەپێی ئامارێکی هەفتەنامەی هاولاتی تەنها لە سنووری شاری سلێمانی لەماوەی یەك ساڵی رابردوو نزیکەی 260 کچ‌وکوڕی گەنج هەوڵی خۆکوشتنیان داوە لە رێگای ژەهرەوە. ئەمە بێجگە لە شێوازەکانی تری خۆ کوژی, رۆژانە دەبینین‌و دەبیستین. لەپێشدا دەمەوێت بڵێم کۆتایی هێنان بە ژیانی خۆت بێزارییەکی نێگەتیڤی ئینسانە بۆ ئەو ژیانەی کە بۆیان پێکهێنراوە دەریدەبڕن, ئینسان ئەو کائنە بەهێزەیە کە ژیان لەسەر دەستی ئەو دەچەرخێ,بیناکردنی ژیان بەرهەمی کاروبیری ئەوە, بەهۆی کارو ئیرادەی ئینسانەکان دەتواندرێ ئەم ژیانە مەرگەساتە بۆ خۆش‌و بەختەوەری ئینسانەکان بگۆڕدرێت. بەهەرحاڵ ئەم کەسانە بۆچی خۆیان دەسووتێنن‌و بەشێوازی جۆراوجۆر خۆشترین ساتە خۆشەکانی ژیان کورت دەکەنەوە؟ ئاخر ئینسان کاتێك دەستی دەچێتە گیانی خۆی, دەستی دەچێتە کوژاندنەوەی ژیانی ئێستاو ئایندەی, دەستی دەچێتە زیندە بە چاڵکردنی ئومێدو ئارەزووە بەهاریەکانی خۆی, کە خەزانی هەڵوەرینی ژیان, جێگایەکی بۆ سبەینێی باشتر, بۆ خەندە نمایش کردن نەهێشتبێتەوە. ئەمە چارەنووسی ئینسان نییە! ئەمە رووداوو دیاردەیەکی ئاسایی نییە! بیهێننە بەر چاوتان ئەمە پەردەی چ سیناریۆیەکی سامناکە, کە هەر رۆژەی هەواڵی خۆسووتاندن, خۆ خنکاندن, گوللە بارانکردن, ژەهر خواردن, خۆ فرێدانە ناو شەپۆلی دەریاو دەریاچەکان, مرۆڤەکان وەکو مۆتەکە هەست‌ونەستمان داگیرئەکات. ئەمە راستە دەست بردن بۆ خۆ کوژی لە هەموو گۆشەو کەنارێکی ئەم گۆیی زەوییە هەیە, بەڵام هەرگیز دیاردەیەکی فراوان نیە, ئاسایی نییە, بەڵام لێرە لە کوردستان دیاردەیەکی فراوان و هەمە رۆژەیە, تەنانەت ئاسایی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.بەهەڵس‌و کەوتی تاك‌وخۆیی‌ودابڕاو لە هەڵومەرجی ئابووری‌و کۆمەلایەتی‌و فەرهەنگی سەرنجی ئەدرێت‌و ئاماژەی بۆ دەکرێت, هەر بەم هۆیەشەوە بەو پەری خەمساردییەوە کۆمەڵگاو تەنانەت خێزانیش بۆی دەروانن هەر ئەمەش وایکردووە کەگەڕان بەدوای هۆکارە پاڵنەرەکانی ئەم دیاردەیە لە کوردستان بە فەرامۆشی بسپێردرێت, ئەم مامەڵەیە لەگەڵ ئەم دیاردەیە خەتەرناکترە لە خودی دیاردەکە, ئەم مامەڵەیە دەروازەی کردۆتەوە تا ووشك بوونی جەستەی دەیان ئینسان لە یەك هەفتەدا لە کۆمەڵگادا وەکو دیاردەیەکی راگوزەر, ئەرشیف دەکرێت. هەواڵەکانی رادیۆو تەلەفزیۆن‌و رۆژنامەو گۆڤارەکان, لەجادەو کۆڵان‌و شۆستەکان, لە زانکۆو دائیرەو قوتابخانەکان, دەریدەخەن کەزۆربەی هەرە زۆری ئەو کەسانەی لە هەوڵدان بۆ کۆتایی هێنان بە ژیانی خۆیان ئافرەتن, بۆیە لێرەدا وازیاتر باسەکەم تایبەت دەکەم بە خۆکوژی ئافرەتان.

خۆکوژی ئافرەت بەگشتی لە کوردستان لەوپەری بێمافیدایە، ریشەی لە ئازاد نەبوونی ئافرەت وەکو تاکێك وایە، لە هەموو بوارەکانی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیی و فەرهەنگی... هتد. خۆشەویستی لەم مەملەکەتە یاساغە، هەڵبژاردنی خۆشەویستی وهاوسەر لەناو تۆڕی تەڵبەندێکی دواکەوتووانە دایە، ئەبێ بڕیاردان لەسەری نەك کچەکە بە شێوەی ئازادانە بەڵکو دەبێت مۆری رەگەزی نێری سەرداری خێزانی بۆ وەربگیرێت، سەفەرو هاتووچۆو مانەوەی ژن بەتەنیا لە شوێنێك کە پێشتر موافەقەی خێزان، براو باوكوزۆرجار ئامۆزاو سەرۆك عەشیرەتی بۆ وەرنەگیرابێ، قەدەغەیە. جل پۆشین سنوری هەیەو بەزاندنی ئەم سنورە تاوانە، ژن بە تەنیا مافی ژیان بەسەربردنی نییە،ئەبێت لای باوكوبرا یان  لای مێردبێت، کچێك کەکاری دەرەوەی نییە، فەرمانبەر یان کرێکارو کارمەند نییە بۆ دابینکردنی سەرەتاترین کاری تایبەتی خۆی چاوی لە دەستی باوكو براو مێردە، خۆ ئەگەر بەختی کاری بۆ رەخسابێت و خاوەنی موچەیەکیش بێت، لەبەکارهێنانی ئەم موچەیە بەشێوەی دڵخوازی خۆی بەهرەمەند نیە، زۆرکار بۆ ژن بە عەیبە تەماشا دەکرێت و رێگای پێنادرێت، هەڵبژاردنی بیروباوەڕو بەشداری لە چالاکی فەرهەنگی و ئەدەب وهونەرو بەشداری لەهەڵسورانی سیاسیی عەقڵی ئەلغامی کەلتووری دواکەوتووانەی بێ ئەندازە سنورداری کردووە، یاساکان تائێستا یاسای پیاو سالاری ودژی ژنەو کاری پێ دەکرێت. بۆیە دیاردەی خۆکوژی ئینسانەکان ولەم نێوەندەشدا خۆکوژی ئافرەتان ریشەی لەم بێ مافی و دەسەڵاتە دژی ژنەو ئەو پیاو سالارییە دایە، ئەو ئینسانانەی کە دەروازەیەکی باشتر بەڕووی خۆیان بەداخراو دەبینن، رێگایەکیان ناخرێتە بەردەم دەست دەبەن بۆ گەورەترین بەرگری، بەڵام بەرگریەکی (سلبی) لەم نێوەندەشدا ژنان بەشی شێریان بەرکەوتووە.